وەزارەتی کشتوکاڵ
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی کاروباری یاسایی
ژمـــــارە : ٣٢٠٤/١
ڕێکەوتی : ٢٠٠٧/٤/٣

# ڕێنمایی ژمارە ( ٢ ) سالی ٢٠٠٧
# بە مۆڵەت دانی نەمامگە

## « ڕێنمایی بۆ مۆڵەت دانی نەمامگە »

بۆ زیاد کردنی بەرهەم هێنانی نەمامی مێوەی جۆراو جور و گوڵ و رووەکی کێڵگەیی کەرتی تایبەت لەم بوارە و هێنانی نەمام لە دەرەوەی سنوور وە پشت بە بریاری ژمارە (٤٥٥) لە ڕێکەوتی ١٩٨٣/٤/١٨ بریارمان دا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییانەی خوارەوە بۆ مۆڵەت پیَ دان :

١. پێویستە داواکاری پێشکەش بکرێت بە ڕێگای لقی رەزگەری و دارستان و پاوانی ناوچەکە ، ئینجا بەرز بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی رەزگەری و دارستان و پاوان لە پارێزگا کە دەست دەکرێت بە هەنگاوەکانی مۆڵەت پیَ دان.
٢. مۆڵەت دان بە دروست کردنی نەمامگە لە سەر زەوی مولك یان زەوی دەولەت دەبێت کە مافی بە کارهێنانی هاوولاتیانی لە سەرە، وە ئەگەر زەویەکی(مشاع) بوو لە نێوان چەند جوتیارێکدا، ئەوا پێویستە رەزامەندی هەموو هاوبەشەکانی لە سەر هەبێت ، یان خاوەن داواکار گریَ بەستی یاسایی هەبێت لە گەڵ فەرمانگەی پەیوەندار.
٣. مۆڵەت دەدرێت بۆ دروست کردنی نەمامگەی مێوە وسەوزەوات و بەرهەم هێنانی گوڵ بە مەرجێك زەویەکە لە (٥)پێنج دۆنم کەمتر نەبێت.
٤. پێویستە خاوەن نەمامگە ئاگاداری فەرمانگەی پەیوەندار بکات لە کاتی گواستنەوەی نەمامگەکەی.
٥. ئەو جۆرە دارانە و توخمەکانیان و بنەرتەکانیان (الاصول) کە بەرهەم دێت لە نەمامگە پێویستە لە (مواصفات) ی زۆر چاك بێت و تووشی نەخۆشی و مەگەز نەبوبێت لە کاتی فرۆشتنی.
٦. خاوەن نەمامگە پێویستە نەمامی تووش بوو بە نەخۆشی و مەگەز بفەوتێنێت.
٧. شوێنی نەمامگە و زەویەکە شیاو بێت بۆ مەبەستی دروست کردنی نەمامگە.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان
www.mojkurdistan.com

٨. بۆ هێنانی نەمام لە دەرەوە یان فرۆشتنی نەمامی هاوردە پێویستە خاوەن نەمامگە پابەند بێت بە رێنمایی یەکانی (حجزالزراعی).

٩. پێویستە خاوەن نەمامگە شارەزاییەکی باشی هەبێت لە سەر ئەو نەمامانەی کە دەیان فرۆشێت.

١٠. پێویستە رەزامەندی وەزارەتی کشتوکاڵ ( **بەرێوەبەرایەتی گشتی رەزگەری ودارستان وپاوان** ) وەربگێرێت بۆ هێنانی ویان بردنی نەمام بۆ دەرەوەی سنوور.

١١. لە بەرێوەبەرایيەتەکانی رەزگەری و دارستان وپاوان لیژنەیەك پێك دەهێنرێت لە چوار ئەندام، دوانیان شارەزا لە بواری رەزگەری و سیٚ هەمیان پیٚوەر بێت و چوارەم نوێنەری ئەو لقە بێت کە نەمامگەکە لە ناو سنوری دادەمەزرێت و سەرۆك لیژنەش پێویستە ئەندازیاری کشتوکاڵی بێت .وهەر (٦) شەش مانگ جارێك ئەم لیژنەیە بگۆردرێت.

١٢. بۆ مۆلەت دان پێویستە لیژنەکە گشت کاری پێویست ئەنجام بدات وەك پشکنێنی زەویەکە و وەرگرتنی رەزامەندی فەرمانگەکانی شارەوانی و کارەبا ورێگاوبان وشوێنەوار.

١٣. رەسمی پشکنێنی زەوی وبەخشینی مۆلەت ونویٚ کردنەوەی ، بە پیٚ ی رێنماييەکانی وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێت.

١٤. داواکاری گریٚ بەستی نویٚ یان (سند ملکیە) ی نۆیٚ پێش کەش بکات وە ئەگەر زەویەکە بە بریاری دابەش بوون بوو دەبیٚ بریارەکە پەسند کرابێت.

١٥. پێویستە سەرپەرشتی کردنی نەمامگە لە لایەن ئەندازیاری کشتوکالی بێت وبۆ ئەم مەبەستە رێنمایی تایبەت دەدەین بە هەماهەنگی رێکخراوەکانی ئەندازیارانی کشتوکالی.

١٦. رێکخستنی نەخشە بۆ نەمامگە.

١٧. خزمەت کردنی نەمامگە بە شێوەیٚکی زانستی و رێك بکرێت بە تایبەتی لە رووی قەلاچۆکردنی مەگەزو نەخۆشی بۆ ئەوەی نەبێتە سەرچاوەی بلاوبونەوەی نەخۆشی بۆ پارچەباخی تر.

١٨. نابێت زەویەکە بەکار بێت جگە لە مەبەستی دروست کردنی نەمامگە و بە پێچەوانە مۆلەتی لیٚ دەسێندرێتەوە.

١٩. کەلیشەی مۆلەت بەم شێوەی هاوپێچ دەبێت کە لەگەڵ ئەم رێنماییان هاتووە.

**عبدالعزیز طیب**
**وەزیــــری کشتوکـــــاڵ**

ئـــــەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی كـــــــوردستان
www.mojkurdistan.com